

## دەگەڕێمەوە

نەم ویستوە و نامەوێ
لەو ژینگە تار و هیشکەدا
فرمێسکی خۆم بخۆمەوە...
گەر سەربەست نەکرێم
بڵێسە ی ئاهم گڕم پێ دەگرێ
لەناوخۆم وەک مۆم خۆم دەخۆمەوە...
چەشنی ماڵات دوای شوانی حەزێکی پەست کەوتم
نە جوانی کۆشک و تەلار دەبینم؛
نە ژێی هەستیشم هاوشانی گەڵای دار
بە کزە با ێ دەلەرێنەوە...
دێوانە؛سەرگەردان..
بەدوای ماچی شۆخێک دەگەڕێم
تا هەناسەی بوونم هەڵ مژمەوە...
دەگەڕێمەوە..
لەو کێوو دۆڵ و شاخانە
بە وەندەنان هەڵ دەگەڕێم
پڕ بەدەنگم هاوار دەکەم
هۆ...هۆ...کوردستان هۆ....
سەدام بدەوە
هەسر لە دڵم، دام مرکێنەوە...

چەلەنگ بەرزنجی
لایدن/هۆلەندا